نوێژ مەکە و- چاوەڕێ بکە هەتا ماوەی ئاسایی سووڕی- مانگانەکەت تەواو دەبێت، پاشان خۆت بشۆ

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئوم حەبیبەی کچی جەحش کە خێزانی عبد الرحمن کوڕی عەوف بوو؛ سکاڵای بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هێنا سەبارەت بە بەردەوامی خوێن دەرچون، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «-نوێژ مەکە و- چاوەڕێ بکە هەتا ماوەی ئاسایی سووڕی مانگانەکەت تەواو دەبێت، پاشان خۆت بشۆ»، عائیشە دەڵێت: بۆیە بۆ هەموو نوێژێک خۆی دەشۆرد.

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

یەکێك لە هاوەڵان لە ئافرەتان سکاڵای بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هێنا سەبارەت بە خوێن دابەزینی بەردەوام لێی (ئەو خوێنەی لە پاش تەواوبوونی ماوەی سووڕی مانگانەوە دەردەچێت)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکرد بەوەی نوێژ نەکات هێندەی ماوەی ئاسایی سووڕی مانگانە ؛ پێش تووشبوون بە ئەم حاڵەتە، پاشان خۆی بشوات ونوێژ بکات، بۆیە ئەویش بۆ هەموو نوێژێک خۆی دەشۆرد.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10015